# کۆمەڵگایەك لە پۆلیس

نیهاد جامی

دابەشکردنی کۆمەڵگا بەسەر دوو هێزی سیاسی مانای بەخشینی ڕەهەندیی سیاسی نیە بە کۆمەڵگا، بەڵکو گواستنەوەی تێڕوانینی خێڵەکایەتی پەیوەندیە کۆمەلاّیەتیەکانی نێو کۆمەڵگای کوردیە، بەوەی ئەو دوو هێزە توانای ئەوەیان هەیە ڕوو پۆشی گوتاری ئایدیۆلۆژیانە بە پەیوەندیی کۆمەلاّیەتی بکەن، بەڕادەی ئەوەی حزب ببێت بە ناوەندێك بۆ دەرخستنی ململانێی خێزان و بنەماڵە و خێڵ، کاتێك زەمینەی کۆمەڵگایەکی چەکدارمان هەبوو کۆمەڵگایەك کە لەهەر ساتێك بۆی هەیە توڕەبوونەکانی لەڕێگەی چەکەوە یەکلایی بکاتەوە، بێهێزەکان لەلایان خاوەن هێزەوە بەناوی حزبی بەرامبەر هێرشیان بکرێتە سەر، مانای وایە لەسەر شەقامەکاندا ئێمە ژیانمان پارێزراو نیە دەکرێت بەبیانوی دوژمنەوە لەهەر چرکە ساتێك ڕووبەرووی هەڕەشەی مردن و سوکایەتی پێکردن و ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی ببینەوە، ئەوەش گریمانەیەك نیە هێندەی واقیعێکە و لەسالاّنی ڕابردوو بەزۆر شێوەی جیاواز بەرچاومان کەوتووە، هەر لەزەوتکردنی ئازادیی جل پۆشین و هەڕەشەکردن بۆهەر جۆرە سوکایەتیەك تا کوشتن، دیارە ئەو زەمینەیە پێویستی بە سیستمێکە بۆکۆنترۆڵ کردن، دەزگاکان بۆ ئەو کارە پێیان وایە ئەوە پۆلیسە توانای کۆنترۆڵی شەقامەکان و بەتایبەت شوێنە قەرەباڵغیەکانی ناو شاری هەیە، ئەو تێڕوانینە تێگەیشتنێکە توانای ئەوەی هەیە بەشێکی زۆری هەڕەشە و سوکایەتیەکان لەسەر ژیانی هاولاّتی کەمبکاتەوە، بەلاّم ئاخۆ ئەو ڕێژە بەرچاوەی پۆلیس بازار و شەقامەکانمان بۆ کۆنترۆڵ دەکەن یاخود کەشێکی تری توند و تیژیی و خاسیەتەکانی هێز پتەوتر دەکەن؟ سەرشەقام وشۆستە و ناو قەیسەریەکان پۆلیسەکان وەستاون وچاو لە کوڕان سوور دەکەنەوە و خەندە بۆ کچان دەیانگرێت، ئەو پۆلیسانە ئاخۆ لەدەرەوەی ئەو زەمینە توندوتیژەی کۆمەڵگا ئامادە کراونەتەوە یاخود هەر ئەو گەنجانەن کە بەشێکن لەفەزای توندوتیژیی ونائومێدیەکانی ناو کۆمەڵگای ئێمە؟ گومانمان هەیە لەوەی ئەوان لەڕووی دەروونیەوە ئامادەکرابن بۆ ئەوەی هەڵەکانی ناو شەقام کۆنترۆڵ بکەن، بەڵکو تاکە گۆڕان بەسەر ئەوان هاتبێت تەنیا گۆڕینی جل و بەرگە، چونکە داواجار ئەو پۆلیسانەش ئارەزویەك پاڵی پێوە نەناون ئەوکارە ئەنجام بدەن ، بەڵکو هۆکاری سەرەکی بۆ بوونە پۆلیس پەیوەستە بە باری ئابوریەوە، بەلاّم کاتێك کۆمەڵگایەك هەمووی دەبێت بەپۆلیس تاوانبارەکانی کێن؟ ئەوانەی لەشەقامەکان و ناو قەیسەریەکان سوکایەتیان بەوانەی تر دەکرد هەر ئەوانن دەبنەوە پۆلیس؟ چەند خراپە وابێت، کێ خەون بەوە دەبینێ؟ ئەوکاتەی ئەو گومانانە ڕاست دەرچن دەبێت بەردەوام لەناو پۆلیسەکانەوە بەدوای هەڵەکان بگەڕێین، وەك چۆن لەناو دەزگای ئاسایشدا دەبێت بەدوای دلێرەکان بگەڕێین.

ئایا لەدەسگیرکردنی گەنجێك شتێك هەیە ناوی ئامۆژگاریی بێت؟ یاخود لێدان و دەسگیرکردن ئامادەبوونی هەیە؟ کە ئەوەی دواتریان بێت مانای وایە ئەو گەنجەی دەگیرێت دەزگاکانی پۆلیس ناتوانن چارەسەری بکەن هێندەی ترسی پێ نیشان دەدەن نەوەك پرۆژەی چاکسازیی بۆ هەڵەکان بخەنە ڕوو، خاڵێکی تر کە بەلامانەوە گرنگە تەمەنی هەرزەیی هەندێك لەپۆلیسەکان خۆیانە کە لەهەرەتی تێپەڕینن بە ئەزمونی گەنجایەتی، بۆیە زۆر بەلامانەوە دەبێت ئاسایی بێت کە ئەو پۆلیسە نەتوانێت لەسەر شەقامدا لەڕێگەی هێزەوە مومارەسەی دەسەلاّتەکەی نەکات، ئێمە پێویستمان بەوەیە پۆلیس ئاماژەیەك بێت بۆئەوەی هەست بکەین شەقامەکان ئارامن نەوەکو شەقامەکان پڕن لەئاژاوە و لەهەر کاتێك پۆلیسەکان یەکێکیان دەسگیر کرد بەلامانەوە ئاسایی بێت، چونکە سیستمی کۆنترۆڵ کردنی شەقام سیستمی ئەشکەنجە و دەسگیرکردن نیە بەڵکو سیستمی پارێزگاری کردنە لە شەقام لەڕێگەی هاولاّتیان خۆیان و پۆلیس تەنیا دەبێت هاوکاریی هاولاّتی بکات نەوەکو هاولاّتی بخاتە ژێر ڕکێفی هێزی دار و کێبل و کەلەپچەوە، کە لەئەمڕۆدا بەهۆی ئەزمونی سالاّنی پێشو شارەکە تاڕادەیەکی زۆر شێواوە لەگەڵ ئەوە داین پۆلیس لە شوێنەکان هەبێت بەلاّم بەو سایکۆلۆژیەی ئێستاوە نا کەدیارە گلەیەکە لەپۆلیسەکان نیە ئەوان هەرهێندەیان لەتوانایە خۆیان توڕە بکەن و گەنجێك بەر شەق بدەن، بەڵکو بەرپرسیار دامەزراوەکانی پۆلیس و وەزارەتی ناوخۆیە، کاتێك لەشکرێکی گەنج و کۆمەڵگایەك دەکات بە پۆلیس بیر لەوە ناکاتەوە چۆن سیستمی کۆنترۆڵ پیادە بکات، پۆلیس توێژێکە تەنها پەیوەندیی بە وەزارەتێك و بەڕێوبەرایەتیەکەوە نیە هێندەی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە ژیانی هەمومانەوە هەیە بۆیە ناکرێ کەسمان لێیەوە بێدەنگ بین وەك چۆن کاتێ تاوانبارێك دەبینین لەسەرمانە پۆلیسەکان ئاگادار بکەینەوە لەپلانی تاوانبارەکە، چونکە ڕوودانی هەر تاوانێك زیانەکەی بەر پۆلیسەکان ناکەوێت هێندەی هاولاّتیانن تیایدا زەرەر مەند دەبن، بەلاّم ئەوەی ئێستا هەیە پەیوەندیی نیە بەپاراستنی ژیانی هاولاّتیانەوە هێندەی شورەیەکە بۆ پاراستنی دامەزراوەکانی دەسەلاّت، سالاّنی ڕابردو گەواهی ئەو ڕاستیەن کە هاولاّتی هیچ گرنگیەکی نەبووە لەلایان دامەزراوە ئەمنیەکانەوە، هەر لە هۆیها کردن لە ژنان و تا دەگات بەکوشتن هەموو ئەوانە بە ئاسایی سەیر کراوە، قسەیەکی بێمانایە وا سەیریی پۆلیسەکان بکەین بەوەی بۆ پاراستنی ژیانی ئێمەن سەیرە دەسەلاّتێك لەشەوو ڕۆژێکدا ئەو هەمو گۆڕانەی تیا ڕوودا بێت کەچی چەندین سەدەی تری پێویست بێت تاوەکو بتوانێ سیستمی پۆلیسی ناو وولاّت چارەسەر بکات